خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان ڕەئوف ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر بابان ئەنوەر

# فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ڕەوتە ئیسلامییەکان لەسەرتاسەری دنیا و کوردستان دا

فوئاد مەجید میسری

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (115)

ناوی کتێب: فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان لەسەرتاسەری دنیا و کوردستان دا
بابەت: ئیسلامی سیاسی
ناوی نووسەر: فوئاد مەجید میسری
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز کەمال- کەیوان عومەر
تیراژ: 500 دانە
ساڵی چاپ: 2016
چاپ: چاپخانەی دلێر
نرخ: 1500 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1397)ی ساڵی2016ی پێدراوە

# فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی
# ڕەوتە ئیسلامییەکان
# لەسەرتاسەری دنیا و کوردستان دا

فوئاد مەجید میسری

2016

حەقیقەتێك کە پێویستە لەبەرچاو بگیردرێت ئەوەیە، ڕەوتی ئیسلامگەرا بە گشتی زادەی کۆمەڵگەی عەرەبە، یاخود لەژێر کاریگەری کولتوری عەرەبیدا دروست بووە و پەرەی سەندووە. ڕەنگە بزوتنەوەی (دیوباندی) ساڵی 1866 لەباکوری هندستان بەڵگەی ئەم بۆچوونە بێت  ئینجا بزوتنەوەی (ئیخوان) ساڵی 1928 لە میسر. بۆیە دەکرێت خودی دیاردەکە بە بەشێکی لەپچڕان نەهاتوی کولتوری عەرەب ناوزەد بکەین.

سەرهەڵدانەوەی بیری ئوسوڵی لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، تەقەللایەك بوو دەیویست چ لەسەر ئاستی فیکری و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی لەدنیای عەرەب و ئیسلامدا، خۆی پیادە بکاتەوە. دەوڵەتی عوسمانی لەماوەی شەشسەد و پەنجا ساڵ تەمەنیدا، قەوارەیەك بوو حوکمڕانی سەرتاسەری وڵاتانی عەرەب و بەشی هەرە زۆری گەلانی موسڵمانی دەکرد، بەڵام ئەم قەوارە سیاسییە بۆخۆی کۆسپ بوو لەبەردەم گەشەکردنی ژێرخانە ئابورییەکەیدا. لە بری ئەوەی لەژێر کاریگەریی ئەو ئاڵوگۆڕە مەزنەی وڵاتانی ئەوروپایی گرتەوە، ئەمیش پرۆسەی ریفۆرمی ئابوری-کۆمەڵایەتی بە ئەنجام بگەیەنێت، لەباری ئابورییەوە بەجۆرێك وابەستەی سیستمی سەرمایەی ڕۆژئاوایی بوو، تاڕادەیەکی بەرچاو سەربەخۆیی سیاسیشی لە دەستدا.

خەرجی شەڕوشۆڕی دەوڵەتی خەلافەت لـەدژی گەلانی (بەلکان)، کە لەژێر دروشمی ئاییندا ڕایگەیاند، بەڵگە و بیانوی دایە دەست دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان بەناوی بەرگریکردن لەئایینی عیسایی، هەستی ئایینی سەرلەنوێ بژیەننەوە. دەوڵەتی عوسمانیش لەڕێگای دامودەزگا ڕەسمی

و نیمچەڕەسمییەکانیەوە هەستی ئایینی بەجۆرێك ژیاندەوە، خـۆی کـردە سیمبولی یەکێتی موسڵمانان و پاسەوانی ئایینەکەیان. سەرەتا کەوتە بانگەشە کردن بۆ رزگارکردنی موسڵمانەکانی قەوقاز و تورکمانستان، لەژێر دەستەیی روس. ئینجا دەستیکرد بە قەتڵوعامی گەلی ئەرمەن و هانی گەلانی عەرەبی باکوری ئەفەریقیای دەدا، لەدژی دەوڵەتی فەرەنسای داگیرکەر بجەنگن. لەو هەلومەرجەدا، کە دەوڵەتی خەلافەت هانی گەلانی موسڵمانی دەدا دژ بە داگیرکەرانی رۆژئاوا بجەنگن، ئەو کۆمەڵگایانە لـەڕووی هۆشیاریی سیاسی و فیکرییەوە لەئاستێکدا نەبوون، هێزە کۆمەڵایەتییەکان بتوانن لەچوارچێوەی حزب و رێکخراوی مۆدێرندا خۆ رێکبخەن و دروشمی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی ژێردەستە بەڕووی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمدا بەرز بکەنەوە. فاکتەرێك، کە دەیتوانی ببێتە ئەلتەرناتیڤی ئەو حاڵەتە و توانی جەماوەر سازبدات و دەوڵەتی خەلافەتیش لێی سودمەند بوو، ئایینی ئیسلام بوو. لێرەوە کەڵك وەرگرتن لەمیللیەتی ئایین (شعبیە الدین) بووە، ئامڕازی فیکریی بەگژداچونەوەی داگیرکەران. هەرچەندە ئـەم بزوتنەوانە لـەنـاوەڕۆکـدا تەعبیریان لەهەڵوێستی نارەزایی گەلانی موسڵمان دەکرد، بەڵام لەسەر زەمینەی واقیع نەیانتوانی لەبەرامبەر هێزێکی مادی مەزندا خۆیان رابگرن و سەرەنجام هەریەکەیان بەم یان بەو شێوە کۆتاییان پێهات.

هەڵوێستی وڵاتانی سەرمایەیش لەو کاتەوە و تا رۆژگاری ئەمڕۆ، فاکتەرێکی بەهێزی ژیاندنەوەی بیری ئوسووڵی بووە. ئەوانە ئەگەرچی لەناوخۆی وڵاتانی خۆیاندا چەندین

هەنگاوی گەورە گەورەیان لەبوارەکانی ژیاندا هاویشتبوو، بەڵام لەبەرژەوەندییان نەبوو، هەموو لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەو پێشکەوتنە بگوێزنەوە بۆ وڵاتانی کۆلۆنیاڵکراو. بە نموونە: لەوڵاتێکی وەك ئەو کاتی هندستاندا بەهەموو شێوەیەك هانی موسڵمانەکان دەدرا لەدژی هیندۆسەکان.. ئەوەتا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لەنامەیەکیدا، کە ساڵی 1883 بۆ حاکمی گشتی نووسیوە، دەڵێت: "...ئێمە دەسەڵاتی خۆمان لەهندستان بەوجۆرە دەپارێزین، کە لایەنێکمان کردووە بەگژ لایەنێکی تردا... چەند لەتواناتدایە هەوڵبدە کارێك بکەی موسڵمان و هیندۆسەکان هەست و سۆزی هاوبەشیان لەنێواندا دروست نەبێت.."

لـەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمیش، کە (شەریف حسێن) وەك پاشای جیهانی عەرەب خۆی ناساند، بەریتانیا بە هەموو تواناوە پشتگیری لە "عەبدولعەزیز ئال سعود" کرد، بۆچی؟! چونکە ئامانجی حسێن یەکخستنی دنیای عەرەب بوو، هەرچی عەبدولعەزیزە، تەماحی تەنها لە نیمچە دورگەی عەرەبستاندا هەبوو. ئەمە لەکاتێکدا، کە بەریتانیا دەیزانی خێڵی ئال سعود بە مەزهەب وەهابین و باشیش دەیزانی جەوهەری ئەو مەزهەبە چییە.!! ئەوەتا "چەرچڵ" لەم بارەیەوە دەڵێت: "...لە سەرتاسەری دنیادا هێزێك نییە لەئیسلام کۆنزەرڤاتیڤتر بێت. ئایینێکە هەتا بڵێی توندڕەو و شەڕەنگێزە..." هەر بەریتانیایش بوو، خۆی کردە پشت و پەنای موسڵمانەکانی سودان.!! لێرەدا پرسیار ئەوەیە، بۆچی دەوڵەتانی کۆلۆنیالیست و لەپێش هەمویانەوە بەریتانیا، مەبەستیان بووە بیری ئوسوڵی بژیەننەوە.!؟ چونکە:

**• یەکەم/ هێزێکە دەتوانێت لە تەواوی دنیای عەرەب و ئیسلامدا دژ بەبیری نەتەوەیی و کۆمۆنیزم بەگەڕی بخات.**

**• دووەم/ لەناوخۆی وڵاتانی موسڵماندا، موحافیزکارە و دەبێتە هاوکێشەی هێز دژ بەهێزە سیکۆلار و دیموکراتخوازەکان و پشتگیری لەسیستمە کۆنەپەرستەکان دەکات، کە هاوپەیمانی ستراتیژی خۆیانن.**

**• سێهەم/ هەر کات پێویستی کرد، دەتوانێت وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی بەکاری بهێنێت بۆ هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی، کە ئەوان مەبەستیان بێت.**

ئەم حەقیقەتە مێژووییانە ئەوە دەسەلمێنن، کە دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان بە بەرنامە وڵاتانی کۆلۆنیالکراویان بە دواکەوتوویی هێشتۆتەوە. دەرئەنجامی ئەم سیاسەتە، چینی بۆرژوای تازە پێگەیشتوو نەیتوانیوە بەشێوە سروشتییەکەی گەشە بکات و رۆڵی مێژوویی خۆی ببینێت و پرۆسەی بە دیموکراسی کردنی دەسەڵات و پاشان دانانی بەردی بناغەی سیستمی سیکۆلار دابرێژێت. لاوازیی مەوقیعی ئابوری - سیاسی - فیکریی چینی بۆرژوا وایکردووە، تەنانەت دەستەوەسان بێت لەوەی پڕۆژەی ریفۆرمی ئایینی بەو جۆرەی ئەورووپای سەردەمی رێنیسانس ئەنجامی دابوو، جێبەجێی بکات. سەرەتاکانی رێنیسانس، کە لەسەدەی نۆزدەیەمدا دەرکەوتن، دەبوو تێکەڵ بەژیانی ئابوری - سیاسی - کولتوری ببێت، بەڵام ئەم بزوتنەوە مێژووکردە لەوە دەستەوستانتر بوو ببێتە هاوشێوەی رێنیسانسی ئەورووپایی و سەرئەنجام نەیتوانی پەیامە مێژووییەکەی بگەیەنێتەجێ.

بەشی زۆری ئەوانەی خۆیان بەڕێبەر و پێشەوای بزوتنەوەکە دەزانی و کەوتبوونە ژێر کاریگەری مۆدێرنیتەوە، لەبنەڕەتدا بە کولتوری ئایینی گۆش کرابوون، ئەمانە بەگشتی لەو باوەڕەدا بوون، کە دەبێت هاوئاهەنگی بکرێت لەنێوان ئایینی ئیسلام و رێنیسانسدا. راستە دەیانویست چەند هەنگاوێك بنێن، بەڵام پابەندبوونیان بە کولتوری ئایینیەوە، پەیامەکەیانی بە بنبەست گەیاند. هیچ کام لەوانەی خۆیان بەپێشەوای رێنیسانسی دنیای عەرەب و ئیسلام ناوزەد کردبوو، تێزێکی فیکرییان بەرهەم نەهێنا هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان بنەماکانی رێنیسانس و کولتوری ئایینیدا بکێشێت.
پوختەی بیروڕایان بەو جۆرە بوو کە:

- **یەکەم/ ئایینی ئیسلام لەهەموو سەردەم و زەمانێکدا و بۆ هەموو شوێنێك گونجاوە و پەیامەکەی وەڵامی هەموو پرسیارێك دەداتەوە.**
- **دووەم/ ئەو شتانەی بۆ دنیای رۆژئاوا دەستدەدەن، لەگەڵ هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵگەی ئیسلام ناگونجێن.**

"ئەفغانی" و "عەبدە" و "کەواکبی"، کە لە مێژوودا بەسێ کەسی ریفۆرمخواز ناسراون، رایان وابوو ئەگەر کۆمەڵگەی ئیسلام مەبەستی بێت کەڵك لەپێشکەوتنی رۆژئاوا وەربگرێت، دەبێت بەر لەهەموو شتێك رەچاوی کولتوری ئیسلام بکات. ئەمە بۆخۆی بەڵگەی ئەوەیە، کە نەیانویستووە دەستبەرداری کولتورێك بن لەگەڵ سەرەتاکانی رێنیسانس ناکۆکە. ئەو کاتەیش، کە سیستمی سەرمایە پێی

نایە قۆناغی كۆلۆنیالیزمییەوە و دەستی بەداگیركاری كرد، میللیبوونی ئایین لەناو گەلانی موسڵماندا، هەموو لایەنە پۆزەتیڤەكانی شارستانییەتی رۆژئاوای لەپێش چاویان كردە چەند دیاردەیەكی دزێو. نەك هەر ئەوە، بەڵكو زەمینەی بۆ رەوتێكی ئایینیش خۆشكرد، كە ئەو كات لە بزوتنەوەی "ئیخوان"دا خۆی نواند.

وڵاتێكی وەك میسر، كە بەپێشەنگی وڵاتانی عەرەب ناسراوە و سەرەتاكانی رێنیسانس لەوێوە سەریان هەڵدابوو، ململانێی كۆمەڵایەتی تێیدا لەئەنجامی سیاسەتی كۆلۆنیالیزمیدا، چووە بارێكەوە رۆژ لەدوای رۆژ قوڵتر دەبـووەوە. نزمیی ئاستی هۆشیاریی جەماوەری بەربڵاوی خەڵك، دەرفەتێكی باشی بۆ كەسانی ئایینی و دامـەزراوەی "ئەزهەر" رەخساند كار لەسەر ئەو واقیعە كۆمەڵایەتییە بكەن.. زیندوكردنەوەی بیرۆكەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی خەلافەت و ڕەواییەتدان بە سیستمێك كاروباری موسڵمانان بەڕێوە ببات و پەیڕەوی پرەنسیپە ئایینیەكان بكات، تێزێك بوو تا رۆژگاری ئەمڕۆ تێكڕای گروپە ئیسلامگەراكان لەپێناویدا تێدەكۆشن، بەڵام ئەم تێزە نەیتوانی لەدونیای واقیعدا خۆی پراكتیزە بكات. دیـارە هۆكارەكەیش ئەوە نییە، كە تەوژمی سیكۆلاریزم پەرەسەندنێكی ئەوەندە بەرچاوی بەخۆوە دیبوو.. نەخێر!

گەلانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەماوەی تەمەنی دەوڵەتی خەلافەتدا، لەچەوساندنەوە زیاتر هیچیان پێ نەبڕابوو. نەزانین، برسێتی، دەرد و دوو، سێ دیاردە بوون كۆمەڵگەی ئیسلام لە مـاوەی چەندین سـەدەدا پێیانەوە دەیانناڵاند. هەڵوێستی ناعادیلانەی دەوڵەتی خەلافەت

لەئاست گەلانی موسڵمانی غەیری تورکدا، ئاسەوارێکی وای جێهێشتبوو، بانگەشەکردن بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی خەلافەت مەحاڵ بوو، بەپیرەوەچونێکی سەرتاسەری بەخۆیەوە ببینێت. تەنانەت میللیبوونی ئایینیش بەپیر ئەم بیرۆکەیەوە نەچوو.. مێژوو شاهیدە هیچ کام لە نەتەوەکانی ناو قەڵەمڕەوی دەوڵەتی خەلافەت، دامـەزرانـدنـەوەی دەوڵەتی خەلافەتیان بەئاوات نەخواستووە.

راستە چزکردنی پایەی خەلافەت و جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت وەك "مستەفا کەمال" ئەنجامی دا، جیهانی ئیسلامی خستە بەردەم واقیعێکی نوێ و هەلێکی رەخساند بۆ پیاوانی ئایین و ئەو دامەزراوانەی خۆیان بە نوێنەری رەسمی ئیسلام دەزانی، بکەونە خۆ. لەمیسر "ئەزهەر" فەتوای دا، لابردنی سوڵتانی عوسمانی بڕیارێکی بێ بناغەیە و لەسەر موسڵمانان واجبە کاری پێ نەکەن.  پاشای میسر هەوڵیدا پشتگیری لەو هەوڵانە بکات. سەرچاوە مێژووییەکانیش جەخت لەوە دەکەنەوە، کە بەریتانیا رۆڵێکی گرنگی هەبووە و تەنانەت هانی پاشای میسری داوە پایەی خەلافەت بۆخۆی مسۆگەر بکات.

"ئەزهەر" وەك دامەزراوەیەکی ئایینی بەناوی پرەنسیپە ئایینیەکانەوە ئامادە نەبوو هیچ پڕۆژەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتوری بسەلمێنێت، کە چینی بۆرژوای تازە پێگەیشتوو دەیویست بنیاتی بنێت و تۆمەتی دژایەتیکردنی ئایینی ئیسلام و لەئایین وەرگەڕانی شوێن هەر کەسێك دەخست پشتگیریی پڕۆژەیەکی مۆدێرنی بکردایە.

خەڵکی بەگشتی بوونە قوربانی پـڕۆژەکـەی ئەزهەر و

کۆنەپارێزان. ئەم دەزگا ئایینیە بەناوی ئایینەوە توانی شێوەی ململانێی کۆمەڵایەتی بگۆڕێت بۆ ململانێی نێوان تایبەتمەندی کۆمەڵگەی ئیسلام لەبەرامبەر شارستانیەتی رۆژئاواییدا. لێرەوە رۆڵی توێژێکی کۆمەڵایەتی دەرکەوت، کە لە هەناوی کۆمەڵگەی لادێوە هاتە دەرەوە و لەسایەی "ئەزهەر" و پاشان خوێندنی نوێی شارستانیدا نەش و نمای کرد. ئەم توێژە لەژێر کاریگەریی تێزە فیکرییەکانی ئەزهەردا بەدوو ئاراستە جێ دەستی لەسەر بیر و هەستی جەماوەری بەرینی خەڵك دانا. بەکەڵك وەرگرتن لە نزمیی ئاستی هۆشیاریی خەڵك وێنەیەکی ئاوەژویاندا بە شارستانیەتی رۆژئاوا، بەجۆرێك ململانێی کۆمەڵایەتییان کردە یەکێك لەدیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان و رایانگەیاند ململانێی لەو جۆرە لەگەڵ بەهاکانی ئایینی ئیسلام ناکۆکە و پرەنسیپە ئایینیەکان رێگە بەمرۆڤی موسڵمان نادەن چاوی لێبکەن و برەوی پێ بدەن.

"حەسەن ئەلبەننا"ی دامەزرێنەری ئیخوان بەرجەستەترین کەسی سەر بەم توێژە کۆمەڵایەتییە بوو. وێڕای ئەوەی بەزانیارییە ئایینیەکان گۆشکرابوو، یەکێکیش بوو لەدەرچووانی خوێندنگە مۆدێرنەکانی دەوڵەت. ئەو پیاوە، کە ئاوڕی لەژیانی لادێ دەدایەوە و بەژیانی شارستانی بەراوردی دەکرد، بۆشاییەکی گەورەی دەبینی. بۆیە بەئاسانی دەیتوانی کار لەبیر و زەینی جەماوەرێکی ناهۆشیار بکات. هەر لەسەرەتاشەوە لەو کەسانە نزیکدەبووەوە، کە گوندنشین بوون و کوێرەوەریی ژیان فڕێی دابوونە ناو شارەکانەوە و خراپترین هەلومەرجی گوزەرانیان بەسەر

دەبرد، بەڵام لەقۆناغی دووەمدا رووی کردە کارمەندان و ئەوانەی خاوەنی پیشەی سەربەخۆن (پزیشك، ئەندازیار، پارێزەر) و کاسبکاران. ئەم ئاڵوگۆڕە لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئیخواندا، جگە لەوەی مەیدانی چالاکی گواستەوە، بنەمای فیکری و سیاسیشی ئاراستەیەکی تری وەرگرت. پەرەسەندنی ئیخوان لەباری چەندایەتی (کمی)یەوە بووە هۆی گۆڕانێکی چۆنایەتی (نوعی) لەبیر و هەڵوێست و رەفتاری سیاسیدا. ئیخوان لەسەرەتادا نوێنەرایەتی ئەو توێژە گوندنشینەی دەکرد کە بەرەو شارەکان رەویان کردبوو، بەڵام لەقۆناغێکی هەڵکشاوتردا توێژێکی شارنشینی کۆنەپارێزیشی بەلای خۆیدا برد و کردییە بنکەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی. راستە ئەم توێژە لەبنەڕەتدا سەر بەپیتی بۆرژوا بوون، بەڵام لەبەرامبەر هەر دیاردەیەکی نوێدا هەڵوێستی کۆنەپارێزانەی وەردەگرت، هاوکات مەبەستیشی بوو بگاتە دەسەڵات.
پەرەسەندنی بنکەی کۆمەڵایەتی ئیخوان فاکتەرێك بوو، هانیدەدا ئامانجەکانی روونتر ئاشکرا بکات. سەرەتا سەنگەری لە "ئەزهەر" گرت و رایگەیاند ئامرازێکە بەدەستی دەوڵەتەوە و رۆڵی خۆی لەدەستداوە. ئیخوان بەم هەڵوێستەی لەوە دەرچوو تەنها ئۆرگانێکی سیاسی بێت، بەڵکو خۆی کردە ئەلتەرناتیڤی دەزگایەکی ئایینی و دروشمی جێبەجێکردنی شەریعەت و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی خەلافەتی راگەیاند. لەناوەڕاستی چلەکانی سەدەی رابردودا و دوای ئەوەی ناوەکەی لە جەماعەتەوە گۆڕی بە دەستەی گشتی "الهیئە العامە" ئەرکی ژیاندنەوەی ئایینی ئیسلامی بەئیخوان سپارد. وەك رێبەرەکەی دەڵێت: ".. ئامانجیان ئەوەیە

لەتەواوی وڵاتانی ئیسلامدا دەوڵەتی ئیسلامی دابمەزرێت. دەوڵەتێك رێز لەئەرکە ئایینیەکان بگرێت و دام و دەزگاکانی پرەنسیپە ئایینیەکان جێبەجێ بکەن..." ئەم هەڵوێستەی ئیخوان و رێبەرەکەی سەرەتای هەنگاو بوو بۆ بەجیهانیکردنی رێکخراوەکەی. شەڕی "فەلەستین"یش لەساڵی 1948 دا دەرفەتێکی باشی بۆ رەخساند لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەب و ئیسلام زیاتر خۆی بناسێنێت. دیارە مەبەستی ئیخوان لە بەجیهانیکردنی بزوتنەوەکەی ئەوە بوو نەوەیەکی نوێ بە پەروەردەی ئایینی پێبگەیەنێت و بەرەنگاری هەر بزوتنەوە و ئایدیایەکیش ببێتەوە کە لەگەڵ پرەنسیپەکانی ئایینی ئیسلام ناکۆك بێت.

لەگەرمەی جیهانی دووجەمسەر و شەڕی ساردda، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە مەبەستی ئابڵوقەدانی سۆڤێت، ستراتیژێکی نوێی بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دارِشت. خاڵی جەوهەری ئەم ستراتیژە بێجگە لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە، وڵاتانی ناوچەکەی بەست بە چەند پەیمانی سیاسییەوە، بەڵام هێشتا لەڕووی فیکرییەوە پێویستی بە ژیاندنەوەی ئایدیایەك هەبوو بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەك، کە خۆی ناوی نابوو بۆشایی ستراتیژی.. بەڵام ئەمەریکا لەبەر چەند هۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی، نەیدەتوانی خۆبەخۆ ئەم سیاسەتە جێبەجێ بکات و ناچاربوو پشت بەهاوپەیمانەکانی ببەستێت لەناوچەکەدا. زۆربەی هاوپەیمانەکانیشی ئەو دەوڵەتە عەرەبیانە بوون، کە لەپێناو پاراستنی رژێمەکانی خۆیاندا کەڵکیان لەبنەمای فیکریی ئوسوڵیەتی ئیسلامی وەردەگرت. مەبەستم (سعودیە،

میرنشینەکانی کەنداو، ئـوردن، مەراکش)ە، کە بۆخۆیان لەسەروبەندی جەنگی یەکەمدا بەپشت و پەنای رۆژئاوا قەوارەی سیاسییان بۆ دروستکرا و بەشێکبوون لەستراتیژی رۆژئـاوا لەناوچەکەدا. بۆ دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتانە، کە هەمیشە لەخەمی پاراستنی دەسـەڵات دابـوون و دەبن، ژیاندنەوەی بیری ئوسوڵی ئەو میکانیزمە بوو دەیتوانی بە باشترین شێوە ئەم ئەرکە بەجێبهێنێت. چۆن؟

**• یەکەم/بیری ئوسوڵی دەبێتە چەکێکی ئایدۆلۆژیا بۆ بەگژداچوونەوەی هێزە چەپ و لیبرال و دیموکراتخوازەکان.**
**• دووەم/ بیری ئوسوڵی لـەدوا شیکردنەوەیدا، دەبێتە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا، چونکە گەشەکردنی هۆشیاریی سیاسی - کۆمەڵایەتی لـەنـاو کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، دەبنە فاکتەری لەناوچونی رژێمەکان.**
**• سێهەم/ بیری ئوسوڵی دەبێتە لەمپەرێك رێگە لە هاوڵاتییان دەگرێت دژایەتی دەسەڵاتێك بکەن، کە شەریعەتی ئیسلام پەیڕەو دەکات، با ئەو دەسەڵاتە ستەمکاریش بێت.**
**• چوارەم/ ئەو رژێمانە لەڕۆژی دامەزراندنیانەوە تا رۆژگاری ئەمڕۆ خەسڵەتی عەشیرەتگەرییان لەدەست نەداوە. ئایین و پرەنسیپەکانی میکانیزمێکە لەتوانایدایە کۆنترۆڵی ململانێی عەشایەری بکات و دواجار عەشیرەتی بێدەسەڵات ناچار بکات شەرعییەتی ئایینی بداتە عەشیرەتی دەسەڵاتدار.**

خودی میتۆدی ئایینیش، کە جۆرێك قودسییەت دەداتە رەمـزەکـانـی دەسـەڵات و رێگە لەهەمو جـۆرە فیکر و

فەلسەفەیەك دەگرێت، تێكەڵ بەژیانی هاوڵاتییان ببێت و تەنانەت ڕێگەیش نادات لە غەیری مەزهەبی ڕەسمیی دەوڵـەت هیچ مەزهەبێکی تر ڕەسمییەتی هەبێت. بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەم ستراتیژە، تێکڕای دەوڵەتانی کەنداو، لەپێش هەموویانەوە سعودیە هەوڵیاندا بەکەڵك وەرگـرتـن لـە پـەتـرۆدۆلار چالاکییە ڕەسـمـی و نیمچە ڕەسمییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە کۆنترۆڵ بکەن.

"سعودیە" دوای ئـەوەی یەکەمین کۆنفرانسی ئیسلامی نێودەوڵەتی بەست رابیتەی جیهانی ئیسلامی دامەزراند، کە لەلایەن دامو دەزگا ئایینیەکانیی سعودییەوە بەڕێوە دەچوو. هەوڵەکانی ئەم رابیتەیە لەسەرتاسەری دونیادا، بێجگە لەدروستکردنی مزگەوت و دامەزراندنی ڕێکخراوی ئیسلامی و هەڵڕشتنی پارە و پولی بێ شومار، پەیوەندیکردن و کۆکردنەوەی ئەو کەسایەتییانە بوو پێشینەی مێژوویان هەبوو، بە خەڵکی بانگخواز ناسرابوون. "سەعید ڕەمەزان" ی ژنبرای "حەسەن ئەلبەننا" و "ئەبولئەعلا ئەلمەودودی" لەڕیزی پێشەوەی ئەوانە بـوون. یەکەمیان پێشتر سەرکردەیەکی ئیخوان بوو، لەسەردەمی "عەبدولناسر"ەوە لەمیسر هەڵاتبوو پێی سپێردرا دەستور بۆ "رابیتە" بنوسێت. "مەودودی"ش، کە دامەزرێنەری "جەماعەتی موسڵمانی پاکستان" بوو، ساڵی 1928 تیۆری حاکمییەتی ڕاگەیاندبوو، لەنوسینی بانگەوازی یەکەمی رابیتەی ئیسلامیدا بەشداری کرد و ڕایانگەیاند: ".. ئەوانەی لەژێر دروشمی نەتەوەییدا بانگهێشتی ئیسلام دەشێوێنن، دوژمنی سەرەکی نەتەوەیەکن، سەروەرییەکانی بێجگە لە سەروەریی ئیسلام شتێکی تر نییە..."

ئەم ستراتیژەی سعودیە بەڕوونی لە وتاری چوونە سەر تەختی "شافەیسەڵ"دا دەردەکەوێت، کە رایدەگەیەنێت: "..پاشای تێکڕای موسڵمانانە و سیاسەتی دەرەوەی عەرەبستانی سعودیەش ئەوەیە لەپێناو سەروەری و سەرخستنی ئایینی ئیسلامدا تێبکۆشێت.." و ئەنجام (رێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی - منظمە المؤتمر الاسلامی) لەژنێڤ دروستکرد و کۆمەکی ماددی لەحساب نەهاتوی بۆ دابینکرد. چونکە لە روانگەی سیستمەکەی سعودییەوە، پادشای سعودیە، پادشای تێکڕای موسڵمانانە. جا بۆ ئەوەی ئەم دروشمەی بە ئامانج بگەیەنێت و گەلانی موسڵمانانی پێ کونترۆڵ بکات، پێویستی بە چوارچێوەیەکی تیۆری هەبوو. (وەهابیزم)، کە مەزهەبی رەسمیی دەوڵەتی سعودییە، ئەو چوارچێوە تیۆریە بوو نەك هەناردەی وڵاتانی عەرەب و موسڵمانی کرد، بەڵکو بە شێوازی جۆربەجۆر لەناو کۆچبەرانی عەرەب و موسڵمانانی ناو وڵاتە ئەوروپاییەکانیشدا برەوی پێدا.

(وەهابیزم)، کە جەخت لەسەر گوێڕایەڵی کوێرانەی مرۆڤ دەکاتەوە بۆ(ولی الامـر)، راهێنان و گۆشکردنی مرۆڤ دەیکاتە کۆیلەی دەسەڵاتێك نەتوانێت لەئاستیدا متەق لە دولێوی بێتەدەرەوە.

سیستمی خوێندنی سعودیە، کـە کتێبی(التوحید)ی (موحەممەد عەبدولوەهابی) کردۆتە بابەتی سەرەکیی پـەروەردە، بۆ خۆی سەرچاوەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی ئیسلامگەراییە. دیارە برەودانی سعودیە بە بڵاوکردنەوەی (وەهابیزم)، ئەوەندەی مەبەستێکی سیاسی لە پشتەوەیە ئەوەندە لەپێناو ئاینی ئیسلامدا نییە. بە خەرجدانی ملیارەها

دۆلار لەمسەر تا ئەو سەری دنیا، بۆ ئەوەیە شەرعییەتی ئاینی بداتە تاكە كەسێك، حوكمڕانی دنیای ئیسلام بكات. ئەویش شای سعودیە. بۆیە هەروا لە خۆوە نییە، كە لە سەردەمی (شافەهەد)دا دەوڵەتی عەرەبستان (87 بلیۆن دۆلار بۆ 210 سەنتەری ئیسلامی و 1500 مزگەوت و 203 كولێژ و 3000 قوتابخانەی ئاینی خەرج دەكرێت  لەسەروبەندی شەڕی ئەفغانستاندا عەرەبستان چ وەك دام و دەزگای دەوڵەت و چ وەك دام و دەسگا ئاینییەكان، بەردەوام هانی لاوانی وڵاتەكەیان داوە، بەشداری جەنگێكی پیرۆز بكەن. هەندێك سەرچاوە ئەڵێن(... تا كۆتایی هەشتاكانی سەدەی پێشوو 35-45 هەزار لاوی سعودیە چونەتە ریزی شەڕكەرانەوە)

هەوڵەكانی "سعودیە" و پەرەسەندنی رێكخراوەیی ئیخوان لەسەر ئاستی جیهان بەكۆمەك و هاوئاهەنگیی دەزگا هەواڵگرییەكانی ئەمەریكا و بەریتانیاش  زەمینەیەكی باشی بۆ بیری ئوسوڵی خوڵقاند و بەردی بناغەی بۆ تەواوی ئەو حزب و رێكخراوانە دارِشت، كە دواتر بانگەوازی جیهادیان راگەیاند و بوونە هەڵگری ئـاڵای سەرلەنوێ بەئیسلام كردنەوەی جیهان.

ئەمڕۆ سەرچاوەكان ئاشكرای دەكەن، بەتایبەت دیكۆمێنتی دەزگا هەواڵگرییەكان، كە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا و بەریتانیا بەشێوەیەكی سیستماتیكی پشتگیریيان هەم لەهەوڵەكانی عەرەبستانی سعودی كردووە، هەم لەجموجوڵی رەوتە ئیسلامگەراكان. بۆیە "سەید قوتب"ی خاوەنی تیۆری "جاهلییەت" نەیشاردۆتەوە و پێش لەسێدارەدانی، بەئاشكرا دەڵێت: "ئەمەریكا ئیسلام دروسـت دەكـاتـەوە" . هەر

سعودیەش بوو، هانی ئیخوانەکانی میسری دا "عەبدولناسر" تیرۆر بکەن و هاوکات ئەو ڕێکخراوە پلانیشی بۆ لەناوبردنی "سوکارنۆ" لەئەندەنوسیا.! تێکڕای ئەو شەڕ و شۆڕانەی لەسەرتاسەری جیهاندا ناوی جیهادیان لێنرا، بەنموونە: شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا لەسەر ناگۆرنوکاراباخ، شەڕی بێ پسانەوەی کشمیر لەهیندستان بەرهەمی سیاسەتەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا بوون لەناوچەکەدا. ئەم دوو زلهێزەی دنیا هەمیشە لەسەر دوو ئاستی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ هێزە ئیسلامگەراکان کردووە. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هاوپەیمانی ستراتیژی سعودیە و پاکستان بوون. ئەم دوانەیش بەرهەمهێنەری بیری ئوسوڵین، کە سەرچاوەی تیرۆریزمی ئیسلامییە. لەئاستێکی تردا، هەر لە سەرەتاوە پشتگیرییان لەدامەزراندنی چەند ڕێکخراوی ئایینی کرد، لەوانە: ئیخوان لەمیسر و "جەماعەتی موسڵمانان" لەئەندەنوسیا، کە دوایی بووە گەورەترین ڕێکخراوی تیرۆریست لەو وڵاتەدا.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئاخۆ دروستکردن، یان پشتگیریکردن لەهێزگەلێك، کە بێجگە لە نەهامەتی هیچ دەستکەوتێکیان بۆ مرۆڤایەتی نەهێناوە، تاچەند لەگەڵ پرەنسیپەکانی سیستمی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی تاکەکەس دەگونجێت؟! باڵیۆزێکی بەریتانیا وەڵامی ئەم پرسە بەڕاشکاوی دەداتەوە و دەڵێت: "... ئەو کاتە بەرژەوەندییەکانمان بە باشی بەڕێوە دەچێت، کە لەو وڵاتانەدا زاڵم و ستەمکار حوکمڕان بن نەك سیستمی دیموکراسی، بەڵام بە مەرجێك ئەو وڵاتانە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەڕۆژئاواوە هەبێت..." وەزیرێکی بەریتانیش جەخت لەم سیاسەتە دەکاتەوە

و دەڵێت: "..حکومەتی خاوەن شکۆ نایەوێت سیاسەتی بازرگانی و بەرگریی وڵات ببەستێتەوە بە مەسەلەی مافی مرۆڤ و ئازادی ویژدانەوە لەناو سعودیەدا..."

ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکا و بەریتانیا رۆشنتر لەو قۆناغەدا خۆ دەنوێنێت، کە سیاسەتی لیبرالیزمی نوێیان راگەیاند و لەسەر ئاستی جیهان پیادە کرا. ئەوەتا بەڵگەنامەیەکی ویکلکس ئاشکرای دەکات (هیلاری کلینتون)ی وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئەمەریکا ساڵی 2009، بە نهێنی راپۆرتێك ئاڕاستەی دیپلۆماتکارانی ئەمەریکا دەکات و دەڵێت (... زۆربەی ئەو کۆمەك و یارمەتییەی بۆ-تالیبان-و-قاعیدە-و لەشکری تیبە- دەچێت لە لایەن سعودییەکانەوەیە و دەوڵەتی عەرەبستانیش ئامادە نییە رێگرییان بکا..) (کلینتون) واوەتر دەڕوا و دەڵێت: (... دەوڵەتی قەتەر و ئیمارات و کوێتیش سەرچاوەیەکی گەورەی دارایی رێکخراوە ئیسلامگەراکانن) ... هەر لەم رووەوە دەوڵەتی قەتەر هەڵوێستی لە هەموان خراپترە .

وڵاتی میسر لەڕیزی پێشەوەی ئەو وڵاتانە بوو، بەپەرۆشەوە بەپیر سیاسەتی لیبرالیزمی نوێوە چوو. "ئەنوەر ئەلسادات"ی سەرۆکی ئەو کاتی میسر چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ لەسەر ئاستی دەرەوە، سیاسەتێکی جیاواز لەوەی "عەبدولناسر"ی جێبەجێکرد و هەوڵیدا لەسیاسەتە ئابورییەکانی "عەبدولناسر" پاشگەز ببێتەوە. ریفۆرمی زەوی، گۆڕینی موڵکییەتی پڕۆژە ئابوری و خزمەتگوزارییە گەورەکان لەتایبەتەوە بۆ گشتی، یاسای نوێی کار، خۆماڵیکردنی کەناڵی سوێس، ئەمانە ئەو چەند هەنگاوە بوون، کە "عەبدولناسر" هاویشتبووی و نە

لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتانی کەنداو دەگونجان و نە لەگەڵ سیاسەتەکانی بـازاڕی ئازاد و لیبرالیزمی نوێدا. "سادات" بۆ قایلکردنی "سعودیە" و میرنشینەکانی کەنداو هەوڵیدا هەنگاوی بەکردەوە بنێت، بەڵام هەر زوو هەستیکرد ئەم سیاسەتەی بۆ ناچێتە سەر، ئەگەر هێزێکی سیاسی لەناوخۆی وڵاتدا پشتگیری نەکات. ئیخوان ئەو هێزە بوو سعودیە و میرنشینەکان لەمێژبوو ئامادە و ئاسانکارییان بۆ کردبوو، ئەو ئەرکە بەجێبهێنێت. پەترۆدۆلاری کەنداو چەند ساڵ بوو چالاکی ئابورییانی بەجۆرێك هەڵکشاندبوو، چوبووە قۆناغێکەوە هەرگیز بەخۆیانەوە نەدیبوو. سەیر ئەوەیە لەکاتێکدا، کە ئیخوان بەشدارییان لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو پڕۆژە ئابوری و خزمەتگوزارییانەدا دەکرد و دژ بەهەنگاوەکانی "عەبدولناسر" سەنگەریان گرت، پێشتر مەسەلەی دادی کۆمەڵایەتییان خستبووە بەرنامەی کاریانەوە و بە ئەرکی خۆیان دەزانی . ئەمەریکا و بەریتانیا لەو کاتەدا، کە لەهەوڵی جێبەجێکردنی ئابوری جیهانگیردا بوون و دەیانویست لەسەرتاسەری دونیادا پیادەی بکەن، هەموو شەرایتەکانی "سندوقی نێودەوڵەتی دراو" و "بانکی نێودەوڵەتی"یان بەسەر میسردا سەپاند. پرۆسەی نەهێشتنی کەرتی گشتی و برەودان بە کەرتی تایبەت و لابردنی کۆت و بەند لەسەر دامەزراوە داراییەکان و ئازادکردنی بازرگانی و کردنەوەی دەرگا بۆ سەرمایەی بیانی بەناوی وەبەرهێنانەوە چەند هەنگاوێك بوون رێگایان بۆ هێزە ئیسلامگەراکان خۆشکرد، چ لەڕووی ئابوری و چ لەڕووی سیاسییەوە سودمەند بن. "ئەلسادات" لەژێر دروشمی بازاڕی ئازاددا بووە هاوپەیمانی توێژێکی

کۆمەڵایەتی خاوەن مەوقیعی ئابوری، کە پێشتر ئیخوان بوون و چەند ساڵ بوو لەدەرەوەی میسر دەژیان و لەسەر داخوازی سعودیە یاسای لێبوردنی بۆ دەرکردبوون. لەسایەی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی ئیخوان و دەسەڵاتدا، هەلومەرجێکی گونجاو بۆ ئیخوان رەخسا لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی بێتەوە مەیدان و بیری ئوسوڵی بژیەنێتەوە.

سیاسەتەکانی بازاڕی ئازاد و لیبرالیزمی نوێ، کە خۆی لە ئازادی هاوردن و ناردنە دەرەوەی سەرمایەی دارایی و بەگەڕخستندا دەبینێتەوە، لەجەوهەردا بۆ ئەوەیە رۆڵی دەوڵەت لەبواری ئابوریدا چز بکات. ئاسەواری ئەم سیاسەتە لەمیسردا لەماوەیەکی زۆر کورتدا دەرکەوت و زۆر بە زەقی لەشێوەی ژیان و گوزەرانی چینە هەژار و دەست تەنگەکاندا دەرکەوتن، بەجۆرێك جیاوازیی کۆمەڵایەتی رۆژ لەدوای رۆژ قوڵتر دەبووەوە. توێژە مامناوەندییەکان لەسەر نەخشەی کۆمەڵایەتی جێگەیان نەما و لەسەر ئاستی ئابوری چوونە ریزی هەژارانەوە. هەر لەسایەی ئەم سیاسەتەدا نرخی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ژیانی خەڵك بە ئەندازەیەك هەڵکشا، باڵانسی ژیانی تاکە کەسی میسری لەبارێکەوە بردە بارێکی ترەوە.

ئەم واقیعە ئابورییە توێژی فراوانی لاوان و خوێندکارانی توشی نائومێدی و بێمتمانەیی کرد. بە تایبەت خوێندکاران، کە دوای تەواوکردنی خوێندن دەبوونە هێزی کار و وەك هەر کاڵایەك لە بازاڕدا قابیلی کڕین و فرۆشتن بوون. پڕۆژە ئابوری و خزمەتگوزارییەکان، کە کەرتی تایبەت بەڕێوەی دەبردن، لەمەڕ بەگەڕخستنی دەستی، کار دیسپلینی تایبەت

بەخۆیان هەبوو. وەك سروشتی هەمیشەیی سەرمایە، دەیانویست زۆرترین کار بەکەمترین هێزی کار ئەنجام بدەن و زیاتر ئەوانەیان لاپەسەند بوو، خوێندنی باڵایان تەواو کردبوو، هەرچی ئەوانی ترە دەکەوتنە پەراوێزەوە و بێکار دەمانەوە. بێگومان ژمارەی ئەمانە ساڵ لەدوای ساڵ زیاتر دەبوو، هەستیشیان دەکرد چ چارەنوسێك چاوەڕوانیانە. ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە فراوانە، کە خاوەنی ئاستێکی هۆشیارییە هەر دەبێت لەبەرامبەر سیستمێکی ئابوری لەو جۆرەدا هەڵوێست وەربگرێت و سەرەنجام بووە زەمینەیەکی باش و باڵە مەزهەبییەکان توانیان کاری لەسەر بکەن و بەشێکی زۆریان لەناو ریزەکانی خۆیاندا رێکبخەن.

سیاسەتەکانی لیبرالیزمی، نویٚ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتیشی هێنا بەسەر کەرتی کشتوکاڵدا. رێژەیەکی کەم نەبێت، پرۆژەی پەرەپێدان کەرتی کشتوکاڵی نەگرتەوە. رێژەی سەرمایەی بەگەڕخراو لەبەرامبەر رێژەی گوندنشیناندا جیاوازییان ئاسمان و رێسمان بوو. ئەم دۆخە ئابورییە گوندنشینانی ناچارکرد رووەو شارەکان رەو بکەن. رەوکردووان لە لایەك بەدوای هەلی کاردا دەگەڕان و لە لایەکیش چونکە لەخزمەتگوزارییەکان بێبەش بوون، مەبەستیان بوو کەڵك لەبواری پەروەردە و فێرکردن، تەندروستی وەربگرن. بەشێکی زۆری رەوکردووان پەروەردەی کولتوری لادێ و دوور لەشارستانی بوون و نەیاندەتوانی بەئاسانی لەگەڵ کولتور و بەهای شارستانی خۆ بگونجێنن. هاوکات نەشیاندەتوانی لەناو شاردا کولتوریك بژیەننەوە، کە لە لادێدا پێی گۆش کرابوون. ژیانی شارستانی، کە پەیوەندیی خوێن و عەشیرەتگەری لەبەین دەبـات، مەسەلەیەکە

لەگەڵ سایکۆلۆژیای مرۆڤی گوندنشیندا نایەتەوە. ئەوانە هەستیان دەکرد ژیانی گوندیان لەدەستداوە و لەناو شاریشدا لەپەراوێزدان، یاساکانی بازاڕیش هەلی کاری لەبەردەمدا سەخت کردون و ماوە نادرێت کەڵك لەهێزی کاریان وەربگیرێت. هەستکردن بەنامۆیی و نائومێدییان لەوەی ژیانێکی ئاسایی بۆخۆیان دابین بکەن فاکتەرێك بوو، بەتایبەت لەناو لاوەکاندا هانیدەدان بچنە ناو رێکخراوە مەزهەبییەکانەوە. گوتاری ئەم رەوتانەیش تارادەیەکی باش لەگەڵ ئاستی هۆشیاریی ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە دەگونجا. بەرزکردنەوەی دروشمی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی کۆمەڵگەی سەرەتایی ئیسلام و گفت و پەیمانی ئەوەی موسڵمانی راستەقینە ئەم دنیا و ئەو دنیای مسۆگەرە، بیرۆکەیەکە بە ئاسانی کار لەهەست و سۆزی مرۆڤی ساکاری موسڵمان دەکات و دەیورووژێنێت. هەر لەبەر ئەوەیشە رەوتە ئیسلامگەراکان روو لەشوێنە دوورە دەستەکان و لادێکان دەکەن و دەیانکەنە بنکەی کۆمەڵایەتی خۆیان.

* * * *

شارەزایان پێیانوایە ساڵانی هەشتای سەدەی رابردو دەیەی زێڕینی رەوتە ئیسلامگەراکانە لەسەر ئاستی جیهان، بەتایبەت دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و ژیاندنەوەی شیعەگەرایی لەچەندین شوێن و جێگەی دونیادا. بۆیە هەروا لەخۆوە نەبوو، کە پاشای سعودیە نازناوی "خاوەن شکۆ"ی گۆڕی بەخزمەتکاری مەککە و مەدینە "خادم الحرمین الشریفین» و رێبەرایەتیکردنی ئیسلامی سوننە مەزهەبی بەخۆی سپارد و لەگەڵیدا کەوتە بڵاوکردنەوەی وەهابیزم لەجیهاندا. هەر لەو ساڵانەدا بوو،

که "بەرەی رزگاریی ئیسلامی - جبهە الانقاذ" لە جەزائیر دامـەزرا و بووە هێزێکی سیاسی دەرکەوتوو. لەگەرمەی راپەڕینەکانی گەلی فەلەستیندا رەوتێکی ئیسلامگەرا بەناوی "حماس"ەوە هەڵتۆقی و رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی لەتکرد. "حەسەن ئەلتورابی"، کە سەرۆکی بەرەی نیشتمانی ئیسلامی بـوو لـەسـودان بەکودەتایەك دەسـەڵاتـی گرتە دەست و رایگەیاند ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی و پەیڕەوکردنی شەریعەتە. هێشتا شەش هەفتە بەسەر کودەتاکەیدا تێنەپەڕیبوو، "تورابی" بەشداری ئەو کۆبوونەوەیەی کرد، کە رێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان لە "لەندەن" رێکیخستبوو. هەر لەوێ رایگەیاند: "...سـودان ئامادەیە ببێتە بنکەیەك بۆ رێکخراوە ئیسلامییەکان لە جیهاندا..." رەنگە نازناوی "بنکە - القاعدە"، کە دوایی "بن لادن" کردییە ناونیشانی رێکخراوەکەی هەر لەناوەڕۆکی ئەم گوتارەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەدەلیلی ئەوەی خودی "بن لادن"، کە گەیشتە سودان هەر لەوێ بەکۆمەك و پشتیوانی دارایی "سعودیە" رێکخراوی "القاعدە"ی دروستکرد.

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، سیاسەتەکانی لیبرالیزمی نوێ لەو ساڵانەدا هەلێکی باشی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا رەخساند، ئاشکراتر دەست بخەنە کاروباری ناوخۆی وڵاتانەوە. "پاکستان"، کە لەمێژبوو رەوتی ئیسلامگەرا تێیدا گەرای خستبوو، دەوڵەتێکی تری ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، رۆژئاوا کەڵکی لێوەرگرت. ژەنەراڵ "ضیاء الحق"، کە ساڵی 1977 بەکودەتایەکی سەربازی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، هەوڵیدا هەموو خەسڵەتەکانی سیستمێکی

ئایینی لەدەوڵەتەکەیدا ڕەنگبداتەوە. بۆیە هەر زوو فەرمانیدا، پرەنسیپە ئایینیەکان سەرپاکی ژیانی کۆمەڵگە بگرنەوە.

بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە، بزوتنەوەی "دیوباندی بۆ ژیاندنەوەی ئیسلام"، کە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە دروست ببوو، هێنایەوە پێشەوە. ئینجا پەنای بردە بەر "جەماعەتی ئیسلامی – الجماعه الاسلامیه" و "جەماعەتی زانایانی ئیسلام – جماعه علماو المسلمین". هاوکات دەیان خوێندنگای ئایینی لەسەرتاسەری پاکستاندا کردەوە. ئەم خوێندنگایانە بەڕادەیەك پەرەیان پێدرا، لەماوەی کەمتر لە دە ساڵدا هەزاران خوێندکاری ئایینیان پێگەیاند. بەقسەی سەرچاوە مێژووییەکان ساڵی 1988، کە "ضیاء الحق" کوژرا، ژمارەی ئەو خوێندکارانە (400) چوارسەد هەزار کەس بووە و دوایی بە تالیبان پێناسەکران و لەناوەڕاستی ساڵانی نەوەدی سەدەی پێشودا بەسەر پشتی تانك و زرێپۆشەکانی پاکستانەوە سنوریان بەزاند و ئەفغانستانیان کۆنترۆڵ کرد.

لە واقیعدا هاوپەیمانێتی دامەزراوەی سەربازی و دامەزراوەی ئایینی لەسایەی رژێمەکەی "ضیاء الحق"دا، میکانیزمێك بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی و گۆڕکردنی بنەماکانی سیستمی دیموکراسی. مێژوو شاهیدە پرۆژەی بەئیسلامکردنی دەوڵەتی پاکستان لەسەروبەندی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی لیبرالیزمی نوێدا، بە چ ئەندازەیەك پێشوازی لێکرا. پێشتریش پشتگیریکردن لە کودەتاکەی "ضیاء الحق"، بۆخۆی بەڵگەی ئەم حەقیقەتەیە.

بزوتنەوەی "جیهادی ئیسلامی" و "زانایانی ئیسلام"، کە خودی رژێمەکەی پاکستان بەناوی رێکخراوی خێرخوازییەوە

لەسەر سنوری ئەفغانستان دایمەزراندن و دەزگای هەواڵگری پاکستان بەڕێوەی دەبردن، سەرەتایەك بوو نەك بۆ دەستێوەردان لەناوخۆی ئەفغانستاندا، بەڵکو بۆ دروستکردنی رێکخراوە تیرۆریستییەکان لەسەر ئاستی جیهان. "جەماعەتی زانایانی ئیسلام"، کە "فظل الرحمن" رێبەرایەتی دەکرد و لە لایەن دەزگای هەواڵگریی پاکستانەوە هاوکاری دەکرا، لە ماوەیەکی کەمدا بووە یەکێك لەرێکخراوە تیرۆریزمییەکانی جیهان و لەوە دەرچوو چالاکییەکانی لەناوچەی "کشمیر"دا گیر بخوات، بەڵکو گەیشتە ناوەڕاستی ئەوروپا و ساڵی 1992 دەستە دەستە شەرکەری رەوانەی "بۆسنە" دەکرد و لەشەڕی ناوخۆی "بەڵکان"دا رۆڵی بەرچاوی هەبوو. ساڵی 2005یش لەناوەڕاستی "لەندەن"ی پایتەختی بەریتانیادا چەند کاری تیرۆریزمی ئەنجام دا.

هەر لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردودا، بە سەرپەرشتی دەزگای هەواڵگریی پاکستان، سەنتەرێك بەناوی "الدعوە والارشاد"، لە لایەن سێ مەلاوە دامەزرا. "عەبدوڵڵا عەززام"ی بەڕەگەز عەرەب، کە ئەو کات مامۆستای زانکۆی ئیسلامی بوو لە "ئیسلام ئاباد"، یەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی. ئەم سەنتەرە، کە باڵە سەربازییەکەی ناونرا "عسکر طیبە" سەرەتا لە لایەن "بن لادن"ەوە کۆمەك و هاوکاری بۆ دابینکرا و دوایی بووە یەکێك لەدیارترین رێکخراوە تیرۆریستییەکانی جیهان.

دوای کشانەوەی سوپای روسیا لەئەفغانستان، "بن لادن" ویستی رێکخراوی "القاعدە" لە سعودیە جێگیر بکات. بەتایبەت کە دەیبینی هیچ ناکۆکییەك لەنێوان ستراتیژی

"القاعده" و سیاسەتەکانی "سعودیە"دا نییە. لەحساباتی ئەمدا عەرەبە ئەفغانەکان هێزگەلێکن دەتوانرێت بکرێتە پشت و پەنای رژێمەکە و جێگەی پاسەوانی نیشتمانی بگرێتەوە. کاتێك ئەم پرۆژەیەی پێشکەش بەدەسەڵاتدارانی سعودیە کرد، بەپیر داخوازییەکەیەوە نەچون و شکستی خوارد. لێرەوە "بن لادن" و "القاعده" تۆمەتی ناپاکی لەگەڵ ئیسلام و پشتگیری لەدەوڵەتی کافریان دایە پاڵ سعودیە و ئاڵای دوژمنایەتییان لەدژی هەڵکرد. سەیر ئەوەیە هەر لەو کاتەدا، کە سعودیە بەڕەسمی رەگەزنامە لە "بن لادن" دەستێنێتەوە و بەدوژمنی خۆی ناوزەدی دەکات، میرەکانی "ئال سعود" بڕیاردەدەن بەردەوام بن لە یارمەتیدان و کۆمەك کردنی. بەپێی راپۆرتێکی دەزگای هەواڵگری فەرەنسیی، لەو کاتەدا 300 سێ سەد ملیۆن دۆلاری بۆ دابین دەکەن.

ساڵی 1996 دروست لەو کاتەدا، کە تالیبان چووە ناو ئەفغانستانەوە و "کابول"ی پایتەختی کۆنترۆڵکرد، "بن لادن" دەگاتە ئەفغانستان و لەگەڵ نوێنەرانی سوپای پاکستان دەگاتە دەرەنجامێك "القاعده" پشتگیری لە تالیبان بکات، لەبەرامبەردا پاکستان بەهەموو تواناوە "بن لادن" بپارێزێت. بە پێی ئەو بەڵگانەی لەم ساڵانەی دواییدا ئاشکرابوون "... سعودیە ئاگاداری ئەو رێککەوتنە بووە و پشتیوانیشی لێکردووە..."

* * * *

فاکتەرێکی دیکەی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامگەراکان، سروشتی دەسەڵاتە لەناو خودی وڵاتە موسوڵمانەکاندا. ئەوانە

که لەدوای هەرەسهێنانی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانییەوە دامـەزراون، بێجگە لە "تورکیا"، هیچ کامیان سەرەتاییترین پرەنسیپەکانی سیستمی عەلمانییان پەیڕەو نەکردووە. هیچ کام لەو دەوڵەتانە بەویست و خواستی هاوڵاتییانی دروست نەبوون. ئەم دەوڵەتانە سـەرەڕای ئـەوەی بەشێك بوون لەپرۆژەی کۆلۆنیالیزمی، هەندێکیان لەقۆناغێکی هەڵکشاوتردا لەڕێگەی کودەتای سەربازییەوە، جڵەوی دەسەڵات کەوتۆتە دەسـت توێژێك هەمیشە لە هەوڵی میلیتاریزە کـردن و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتدا بووە. ئەوانی تریش، کە بەسیستمی پاشایەتی ناسراون، ئاساییترین پرەنسیپی دیموکراسییان پەیڕەو نەکردووە. هەردوو شێوە دەسەڵاتەکە شەرعیەتی خۆی لە شەریعەتەوە وەرگرتووە و بەزەبری هێزیش دەسەڵاتی خۆیان سەپاندووە. هەرچی هێزە چەپ و لیبرال و دیموکراتخوازەکانە بەدرێژایی ئەو مێژووە نەیانتوانیوە ببنە ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵات و کۆتایی بەو حاڵەتە بهێنن. ئەم حاڵەتە دراماتیکییە زەمینەیەکی لەبار بووە بۆ رەوتە ئیسلامگەراکان تا کار لەسەر هەوڵدان بۆ ژیاندنەوەی سەرەتای ئیسلام بکەن و وەك تاکە چارەسەر بەخەڵکی ناهۆشیاری بناسێنن.

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و پاشان کۆنترۆڵکردنی لە لایەن پیاوانی ئایینەوە فاکتەرێکی گرنگ بوو، هانی دەوڵەتە سوننە مەزهەبەکانی کەنداوی دا بکەونە خۆ و هاوکێشەی هێز لەبەرامبەر رەوتی شیعەگەراییدا دروست بکەن لەڕێگەی پشتگیریکردن و هاندانی رەوتە ئیسلامگەراکانەوە.

فاکتەرێکی تر کە رەوتی ئیسلامگەرا لە دنیای عەرەب و ئیسلامدا کەڵکی لێوەرگرتووە، شێوە و پێکهاتەی خێزانە.

پەیوەندی خوێن تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ ڕۆڵی بنچینەیی هەیە. سیستمی پاتریکی "باوکسالاری" ڕۆڵێکی گرنگ لەپەروەردەی تاکەکانی کۆمەڵدا دەبینێت. جیاوازی ژن و پیاو یەکێکە لەپایەکانی ئەم سیستمە کۆمەڵایەتییە. پەیڕەوکردنی بەها و ڕەوشت و نەریتی کۆن لە لایەن دەزگا ڕەسمی و نیمچە ڕەسمییەکانەوە، کە تەواو دژ بەژیانی مۆدێرن و پێشکەوتنی زانست و شارستانییەتی نوێن، کاریگەری قوڵی لەبونیادی کۆمەڵگە کردووە و دایڕزاندووە. لەکاتێکدا کە تاکی کۆمەڵ پەیڕەوی بەها و نەریتی کۆن دەکات و دژ بەهەموو دیاردە و دەرکەوتێکی نوێی کۆمەڵایەتی دەوەستێت. بەکردەوە گەورەترین خزمەت بەڕەوتە ئیسلامگەراکان دەکات و پایەی دەسەڵات و سیاسەتی گشتی جێگیرتر دەکات. ڕاهێنانی تاکو کۆمەڵ لەسەر بەها و نەریتی کۆن باشترین دەرفەتە بۆ هێزە مەزهەبییەکان گوتاری خۆیان لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتیدا پیادە بکەن. کۆمەڵگەش بەبێ هەڵسەنگاندنێکی عەقڵانی و بەبێ ڕەخنە و شیتەڵکردنەوە، وەك پەیامی پیرۆز دەیقۆزێتەوە.

* * * *

دیارە ئامانج لەنوسینی ئەم بابەتە بەسەرکردنەوەی یەك بەیەکی ئەو گرووپ و ڕێکخراوانە نییە، کە بەشێوەی جۆر بەجۆر و ناوی جیاجیاوە هاتونەتە دنیاوە و لەژێر دروشمی ئاییندا سەدان و بگرە هەزاران کاری تیرۆریستییان ئەنجامداوە و ئەنجامی دەدەن، کە دواهەمینیان ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامییە، کە بە "داعش" ناوزەد بووە. ئامانج لەنوسینی ئەم بابەتە دەستنیشانکردنی فاکتەرە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی

گشت ئەو ڕەوتانەیە. "داعش" لەڕووی فیکری و دروشم و ئامانجەوە تەنانەت لـەڕووی پشتگیری و پشتیوانیشەوە، جیاوازییەکی لەگەڵ "القاعدە" و هاوشێوەکانیدا نییە و بگرە لەسەر ئێسك و پروسکی "القاعدە"ش دامەزراوە، سەرەتایش هەر "القاعدە" بوو پاشان ناوی "دەوڵەتی ئیسلامی..." لەخۆی نا و رابەرەکەی رایگەیاند (....ئەم خاکەی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر دامـەزراوە، موڵکی خواوەندە، نە سورییەکان و نە عیراقییەکان هیچیان خاوەنی نین..) .

ساڵی 2010 سوننەکانی عیراق، کە پێشتر رۆڵی دیاریان لە دامـەزرانـدن و گەشەپێدانی (الـقـاعـدە)دا هەبوو، یاخیبوونەکەیان شکستی خـوارد. هێزە سەربازییەکانی عیراق و ئەمەریکا زۆربەی سەرکردەکانی قاعیدەیان لەناو برد. لەو کاتەدا یاخیبوونی سوننەکانی سوریا بووە فاکتەری ژیاندنەوەی(القاعدە) لە ناوچەکەدا. بە کەڵك وەرگرتن لە ئاڵۆزیی هەلومەرجی سیاسی سوریا، داعش توانی لەماوەیەکی کەمدا رووبەرێکی فراوان لە رۆژهەڵاتی سوریا و رۆژئاوای عیراق کۆنترۆڵ بکات. بە کورتی یاخیبوونی سوننەکانی سوریا و سەرکوتکردنی سوننەی عیراق و کەڵك وەرگرتن لە بەهرە و توانای شارەزایانی پێشوی سوپای عیراق و پاشماوەکانی بەعس و ئازاد کردنی سەدان زیندانی، کە پێشتر لەسەر کاری سەربازی و رێکخراوەیی، مەشقیان پێکرابوو، بە جۆرێك رۆڵی خۆیان بینی (داعش) هەم لەباری چەندایەتی و هەم لەباری چۆنییەتیەوە گەشە کردنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی. پشتگیریی و کۆمەکی دەوڵەتانی ئیقلیمیش لەولاوە بووەستێت.

سعودیە هەلێکی زێرینی بۆ رەخسا هەم رووبەڕووی دەسەڵاتی شیعەگەرا ببێتەوە لە ناوچەکەدا و هەم وەهابیزم بکاتە ئایدۆلۆژیای هێزێك بە حوکمی مەزهەبەکەی ئامادەگی تێدایە پەیڕەوی بکات. ئەو کاتەی شۆڕشی گەلانی سوریا دەستی پێکرد، دەسەڵاتدارانی سعودیە پێیانوابوو رەوانەکردنی سەدان کەس بۆ سوریا بە ناوی جیهادەوە، فاکتەرێکی بەهێز دەبێت و لەو رێگەیەوە هەم کونترۆڵی بزوتنەوە جەماوەرییەکە دەکەن و هەم بە خێراییش کۆتایی دێت بە سیستمەکەی (ئەسەد). بانگخواز و خوتبە خوێنە سعودیەکان، کە دیارترینیان(سەلمان ئەلعودە) و (موحسین ئەلعەواجی) و (موحەممەد ئەلعەریفی) بوون، کەوتنە خۆ و لە کەناڵە رەسمییەکانی دەوڵەتەوە دەستیانکرد بە هاندانی خەڵك بۆ جیهاد لە سوریا.

(... تەنانەت (ئەلعەریفی)، چەند جارێك بە مەبەستی هاندان و رێکخستنی لاوانی عەرەب و موسڵمان چووە بەریتانیا و بە پێش چاوی دام و دەزگاکانی دەوڵەتی بەریتانیاوە دەیان و بگرە سەدان کەسی رەوانەی سوریا کرد..) .

دەوڵەتانی دیکەی کەنداو و لە پێش هەموویانەوە (قەتەر)، پشتیوانییەکی بێ سنوری (داعش)یانکرد. بەدرێژایی ساڵانی 2011-2012، (دەوڵەتی تورکیا لە رێگەی دەزگای هەواڵگری خۆیەوە هانی ئەفسەر و پسپۆڕانی پێشوی سوپای عیراقی دا بچنە ناو داعشەوە و لە ریزەکانیدا کار بکەن) .

داعش، بەرهەمی شکستی هەموو ڕەوتە ئیسلامگەراکانی ترە، کە لەماوەی نیو سەدەدا بێجگە لەئەنجامدانی کاری تیرۆریستی، نەیانتوانیوە هیچ کام لە دروشمە ستراتیژییەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن. ئەوەی تاڕادەیەك (داعش) لە گرووپەکانی تر جیادەکاتەوە، پێکهاتەیەکی شۆفینیزمی عەرەب وەك توێژێك، دەستی لە ئاڕاستەکردنیدا هەیە. هەڵبەت لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە ناکۆکییەك لەنێوان بیری ئوسوڵی و گوتاری عەرەبیدا نییە و لەبنەڕەتدا تەواوکەری یەکترین. شکستی هەردوو گوتاری(ناسری) و (بەعس)، شۆفینیزمی عەرەبی ناچارکردووە ئەمجارە لە بەرگی ئاییندا خۆی بەرهەم بهێنێتەوە. بۆیە دەبینین بەهەموو تواناوە پشتگیریی لەم ڕەوتە دەکات و لە هەوڵی سەرخستنیدایە. ئێستا خوێنەری کورد بۆی هەیە ئەم پرسیارە بکات: ئەو فاکتەرانەی باسکران تاچەند لەگەڵ مەودای مێژوویی و هەلومەرجی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگەی کوردستاندا دێنەوە؟

هەر کەس بە وردی لاپەڕەکانی مێژووی کورد هەڵبداتەوە، بەزویی دەگاتە دەرەنجامێك، کە بیری ئوسوڵی لە کوردستاندا پێشینەیەکی نەبووە و تا ئەم ساڵانەی دوایی لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بە پیرەوەچوونی بە خۆیەوە نەدیوە. (ئیخوان)، کە لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی رابوردودا لقی خۆی لە عیراق دامەزراند، هەوڵێکی زۆری داوە ببێتە ڕێکخراوێکی سەرتاسەری بەتایبەت لە ژینگەی ئەو کاتی عیراقدا، کە سیستمی پاشایەتی

ئەگەرچی بە رەسمیی وەك ئۆرگانێکی سیاسی نەیناسیوە، بەڵام بوونی رەوتێکی ئیسلامگەرای لەشێوەی ئیخوانی بە مەترسیی نەزانیوە و لەبەر زۆر هۆ چاوپۆشی لە چالاکیی و جموجوڵیشی کردووە. ئیخوانیش هاوشێوەی ئیخوان لە میسر بەشێوەیەکی پراگماتیکی مامەڵەی لەگەڵ دەسەڵات و رەمزەکانی کردووە و هەوڵیداوە لێیانەوە نزیکبێت.(سوبحی داودی)، کە کادیر و هەڵسوڕاوێکی چالاکی ئیخوان بووە لە کەرکوك راشکاوانە دەڵێت:(..حکومەتی پاشایەتی دژایەتی ئیخوانی نەدەکرد)  بۆچی؟! دیارە هەروا لەخۆوە نییە، کە سیستمی پاشایەتی هەڵوێستی لەوجۆرەی بەرامبەر ئیخوان نواندووە. ئەو کات ئۆرگانێکی وەك ئیخوان باشترین لەمپەر بووە لەبەرامبەر هێزە پێشکەوتنخواز و دیموکراتخوازەکان و گەورەترین خزمەتی بە سیستمی سیاسی گەیاندووە. بۆیە جێی سەرنج نییە، ئەگەر دۆستایەتیشی کردبێت. ئەوەتا هەر ئەو کادیرەی ئیخوان دەیگێڕێتەوە کە (..ساڵی 1956-1957 مەحمود ئەلسەواف و زەهـاوی و عومەر عەلی-موتەسەریفی ئەوکاتی سلێمانی، پێکەوە هاتوون و سەردانی کتێبخانەی-الاخوە الاسلامیە-یان کردووە لە کەرکووك..)  بۆیە لەگەڵ رووخانی سیستمی پاشایەتی (مەحمود ئەلسەواف)ی دامەزرێنەری ئیخوانی عیراق، هەڵدێت و وڵات بەجێدەهێڵێت. بە درێژایی چوارساڵ و نیو تەمەنی دەسەڵاتەکەی (عەبدولکەریم قاسم)، کە ململانێی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانی عیراق رۆژ لەدوای رۆژ قوڵتر دەبووەوە، ئیخوانی پاشماوەی حزبەکەی (ئەلسەواف)، کە بە قسەی خۆیان هەوادارێکی باشیان

له موسڵ و رومادی هەبووە، نەیتوانی لەسەر نەخشەی سیاسی عیراق رۆڵێکی هەبێت. ئەمە لەکاتێکدا، کە حکومەتەکەی(قاسم)، فشارێکی ئەوتۆیشی نەخستبووە سەر ئیخوان تا مەترسی بکەوێتە سەر رێکخستنەکانی، بەڵام ئیخوان بۆ خۆقوتارکردن لە رووبەڕووبوونەوە و بە مەبەستی شەرعییەتدان بەکار و چالاکییەکانی تاکتیکی دامەزراندنی حزبی سێبەر دەگرێتەبەر و بە ناوی(حزبی ئیسلامی)یەوە داوای مۆڵەتی رەسمیی لە میری دەکات و (لەکۆتایی حوزەیران و سەرەتای تەموزی 1960دا، ئەو حزبە کۆنگرە دەبەستێت.،. بەڵام دوای چوار مانگ ئەو حزبە هەڵدەوەشێتەوە..) . خودی ئەو کەسانەی چ وەك کادیری ئیخوان و چ وەك دامەزرێنەری (حزبی ئیسلامی)، رۆڵی دیار و بەرچاویان هەبووە، نایشارنەوە کە تێکڕای ئەوانەی لەکوردستانەوە چوون و بەشداری کۆنگرەکە بوون، چەند کەسێکی عەشایەری ناوچەی دهۆك و تەنها سێ مەلای ناوچەی هەڵەبجە بوون و بەس..

هـەر لە سەرەتایشەوە ئیخوان وەك حزبێکی نەیار لەبەرامبەر بزوتنەوەی کورد و مافە نەتەوەییەکانیدا هەڵوێستی خۆی نەشاردۆتەوە و نەك بە چاوی بزوتنەوەی نەتەوەیەکی ستەملێکراو تەماشای نەکردووە، بەڵکو بە دوژمنی نەتەوەی عـەرەب و ئوممەتی ئیسلام ناو زەدی کـردووە. بۆیە لەگەڵ رووخانی حکومەتەکەی (عەبدولڕەحمان عارف 1968) و هاتنی بەعس بۆ سەر حوکم، (عەبدولکەریم زەیـدان) ی بەرپرسی یەکەمی ئیخوان لە حکومەتی کودەتادا پۆستی وەزیری ئەوقاف

وەردەگـرێـت. دوای ئـەوە بە بەیاننامەیەکی تایبەت هێرشێکی نـاڕەوا دەکاتە سەر شەخسی (بـارزانـی) و سەرکردایەتی بزوتنەوەی کـورد. چونکە ئیخوان هەر لە بنەڕەتدا بـاوەڕی بە شتێك نەبووە ناوی مەسەلەی نەتەوەیی و زوڵم و ستەمی نەتەوەیی بێت. تەنانەت لەم سەردەمەیشدا ڕەمزە ئیسلامییەکان ئەو هەڵوێستە ناشارنەوە و هەر کە هەلێکیان بۆ هەڵکەوتبێت مەسەلەی نەتەوەیی دەکەنە دیاردەیەکی نامۆ و بە نەتەوەپەرستیی نـاوزەدی ئـەکـەن. دیـارە ئـەم تێڕوانینە لـەو جێیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بیری ئیسلامگەرا بە هەر بارێکدا لێکبدرێتەوە، ڕەوتێکە لە بنچینەدا ئاو بە ئاشی بیری نەتەوەیی و شۆفینیزمی عەرەبدا دەکات.

ساڵی 1971 ئیخوان بە ڕەسمیی کۆتایی بە کار و چالاکییەکانی دەهێنێت و خۆی هەڵدەوەشێنیتەوە. ئەو چەند کەسەی، کە لە کوردستان سەر بە ئیخوان بوون بەپیر بڕیارەکەی سەرکردایەتی ئیخوانەوە دەچن تا ساڵی 1979 و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەوجا ئەو چەند کەسە دەکەونە خۆ و یەکێك لەدیارترین ئەو کەسانەی ڕۆڵی دیاریان هەبووە دەیگێڕێتەوە، کە لەو ڕۆژگارەدا سعودیە و میرنشینەکانی کەنداو، ڕۆڵی بنەڕەتییان لە دروستکردن و گەشەپێدانی ڕەوتەکەیاندا گێڕاوە.

هەڵبەت هەڵگیرساندنی جەنگی عیراق-ئێران و کەڵك وەرگرتن لە هەلومەرجی ئەوکاتی کوردستان و ئاوارەبوونی سەدان گەنج و لاوی هەڵاتو لە سەربازی، زەمینەیەکی تـاڕادەیـەك بـاش بۆ ئـەو چەند کەسە دەڕەخسێنێت

سەرەتاکانی ڕەوتێکی ئیسلامگەرا بنیات بنێن. وەك (سەلاحەدین بەهاددین) دەیگێڕێتەوە، خودی خۆی هەم پێشینەی ئیسلامی هەبووە و هەم یەکێکیش بووە لەو سەربازە هەڵاتووانەی ئاوارەی ئێران بووە. پاشان چەند کەسێك هەوڵیاندا کەڵك لە کۆمەك و یارمەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و لیبیا وەربگرن و هێزێکی چەکداریان دروستکرد، بەڵام ئەم ڕەوتە زۆری نەخایاند لەسەر نەخشەی سیاسی باشوری کوردستان سڕدرایەوە و کۆتایی پێهات.

ساڵی 1982 یش چواردە کەس، کە هەشتیان سەر بە ئیخوان بوون پەیوەندی بە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەکەن و لەپێناو دامەزراندنی ڕەوتێکی مەزهەبیدا داوای کۆمەك و یارمەتی دەکەن. هەر بە کۆمەك و پشتگیریی کۆماری ئیسلامی ئێران ساڵی 1984، ڕەوتێکی تر دادەمەزرێت و ساڵی 1985 هێزێکی چەکداریش بەناوی (لەشکری قورئان)ەوە پێکدەهێنێت. بەپێی گێڕانەوەی سەرچاوەیەکی تر ساڵی 1984، (بزوتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامی) لەسەر دەستی چەند مەلایەکی باشوری کوردستان لەناو خاکی ئێراندا رادەگەیەنرێت. هەر ئەو ساڵە جەمهوری ئیسلامی ئێران ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عیراق (المجلس الاعلی للثوره الاسلامیه فی العراق)ی راگەیاند تایبەت بە شیعەکانی عیراق. (پێنج کەس لە ئەندامانی-بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی، کە ئەوکات دانیشتوی ئێران بوون، دەبنە ئەندامی ئەنجومەنی باڵا) .

ساڵی 1988 دوای ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەك لە شاری سنە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی (بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی)

دەدرێت و (بزوتنەوەی ئیسلامی رادەگەیەنرێت). هەمو ئەم حەقیقەتە مێژوویانە ئەوە دەسەلمێنن، کە رەوتی ئیسلامگەرا زادەی کۆمەڵگەی کوردستانی نەبووە و نییە و دیاردەیەکی هاوردەیە و هەمیشە فاکتەری دەرەکی رۆڵی لە دروستبوون و گەشەپێدانیدا هەبووە و هەیە.

پێشتر باس لەوە کرا، کە کوردستان لەماوەی سەد ساڵی رابوردوی بزوتنەوی ئیسلامگەرا هەرگیز زەمینەیەك نەبووە بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی بیری ئوسوڵیی. راستە لە ناوەڕاستی سەدەی رابـوردودا چەند کەسێك، کە رەنگە ژمارەیان لە پەنجەکانی هەردو دەست تێپەڕ نەکات، پێوەی پەیوەست بوون، بەڵام هەتا ساڵانی هەشتای سەدەی رابوردو نەیتوانیوە وەك ئۆرگانێکی سیاسی خۆی بناسێنێت، ئەویش بە کۆمەك و پشتگیریی فاکتەری دەرەکی بووە و بە کەڵك وەرگرتن لە هەلومەرجی کوردستان. بە درێژایی سەدەیەك خەباتی نەتەوەیی رەوتێکی ئیسلامگەرا نەك هەر بەشداری خەباتی چەکداری نەکردووە، بەڵکو وجودیشی نەبووە. باشوری کوردستان بە حوکمی ئەوەی لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەم و جێبەجێکردنی پەیمانی(سایکس - بیکۆ) بووە بەشێك لەو دەوڵەتەی ناونرا عیراق. عیراقیش لە مێژووی تازەیدا دەوڵەتێك بووە هاوشێوەی دەوڵەتانی دیکەی عـەرەب و ئیسلام. سیاسەتەکانی شۆفینیزمی نەتەوەی باڵادەست کوردستانی رووبەڕووی پەرەسەندنی نایەکسانی(التطور اللامتکافیو) کردۆتەوە, کۆمەڵگەی کوردستان بە بـــەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەی نەتەوەی سەردەستدەدا، چ لە باری ئابوری چ لە باری کۆمەلایەتی و

کلتورییەوە لە رادەبەدەر دواخراوە. ئاستی گەشەسەندنی چینی بۆرژوازی کورد لەبەرامبەر چینی بۆرژوازی عەرەبدا هاوسەنگ نییە. ئەم حاڵەتە بە روونی لە گوتاری سیاسی دەسەڵاتی کوردستاندا رەنگیداوەتەوە. بۆیە لەماوەی بیست و چوار ساڵی دەسەڵاتدا، سەرەڕای پەیڕەو کردنی سیاسەتەکانی لیبرالیزمی نوێ، کار لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە تەقلیدییەکان دەکرێت و هەر ئەمەیش بۆ خۆی یەکێکە لەو فاکتەرانەی یارمەتی هێزە ئیسلامگەراکانی کوردستان داوە کەڵکی لێوەربگرن. هەروا لەخۆوە نییە دەسەڵاتدارانی کوردستان هەندێك بە ترس و هەندێك بە شەرمەوە قسە لە بوونی سیستمێکی سکۆلار دەکەن. هەروا لە خۆوە نییە بە کردەوە لە هەوڵی ژیاندنەوەی بە هاونەریتی کۆنی بەسەرچودایە. دام و دەزگای ئاینی لە بابەتی (سەنتەری فەتوا) دادەمەزرێنێت. پارە و پول و بودجەی خەیاڵی بۆ دروستکردن و مزگەوت و سەنتەری قورئان خوێندن و کۆلێژ و پەیمانگای ئاینی تەرخان دەکات. تا ئێستا کار بە یاسای باری کەسێتی کۆن دەکرێت و ئامادە نییە گۆڕانی بەسەردا بهێنرێت. لە ئاست سیستمی پەروەردە و فێرکردندا بێ خەمە. رۆڵی هونەر و ئەدەبیاتی پێشکەوتوو دەسڕێتەوە و بڕەو بە ئەدەبیاتێك ئەدا دژ بە رەوتی گەشەکردنی مێژووی مرۆڤایەتییە. ئازادی ویژدان تابۆیە و قسەی لەبارەوە ناکرێت. لەبەرامبەردا ئازادی رەها بۆ رەمز ئایینیەکان و راگەیاندنی رەوتە ئیسلامگەراکان فەراهەمکراوە. راگەیاندنی رەسمیی و نیمچە رەسمیی، بەم یان بەو شێوەیە موغازەلەی حزبە ئیسلامگەراکان دەکات.

دیاره کۆمەڵگەی لەو جۆە تاکێك بەرهەم دەهێنێت بە جەستە هی ئەم سەردەمەیە، بەڵام دڵی بۆ هەزار و چوار سەد ساڵ لەوەوبەر لێدەدات. تاکە کەسێکیش ئەوە ئاستی هوشیاریی بێت، سروشتییە خوی لە ریزی ئەم یان ئەو رەوتی ئاینیدا بدۆزێتەوە و بە فریادرەسی خۆی بزانێت و ببێتە ئامڕازی بەکارهێنان لە ناو پرۆژەی سەرلەنوێ بە ئیسلامکردنەوەی کۆمەڵگەدا.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل / مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط / سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگعەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارەتیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |